

ابـن عربی..
گومڕایەك و گومڕاكەرێك
د. إحسان برهان الدين
ابن عربی.. گومڕایەك و گومڕاكەرێك!
د. إحسان برهان الدين

# ابن عربي

## گومڕايەك وگومڕاكەرێك

نووسينى

د. إحسان برهان الدين

## پێشەكی:

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على من بعثه الله رحمة للعالمين نبينا محمد وعلى آله وصحبه ومن سار على سنته إلى يوم الدين.**

**ئەم نووسینە پوختەیەكی زانستییە بۆ خوێنەری كورد لە پێناسە كردنی كەسایەتی ابن عربي وعەقیدە و ڕێبازی لە تێگەیشتنی ئیسلامدا.**

**هەموو باسەكان بریتین لە كۆمەڵە ڕاستییەك لە سەرچاوەكانەوە وەرگرتوون و بۆ خستنەڕووی هەر بیروباوەڕێكی ئەم كەسایەتییە هیچ نەبێت یەك نموونەی كورتم بۆ خوێنەر خستووەتەڕوو.**

**ئەم نووسینە ئامانجی ئەوەیە خوێنەر لە بیروباوەڕی ابن عربي ئاگادار بكاتەوە، كە ئەو خاوەنی عەقیدەیەكی زۆر دوور بووە لە عەقیدەی ئیسلام و ئامانجی سەرەكی ئەم نووسینەش ئەوەیە ببێتە دەروازەیەك بۆ خوێنەری كورد بۆ ئەوەی لەسەرچاوە زانستییە فراوانەكانەوە دەربارەی ابن عربي زیاتر بزانێت وئەم نامیلكە تەنها دەروازەو ڕێپیشاندەرێك بێت، چونكە ناسینی ئەهلی باتڵ بەتایبەتی لە بواری عەقیدەو بیروباوەڕدا مەسەلەیەكی زۆر گرنگە و شایانی ئەوەیە موسوڵمانانی كورد بایەخی پێ بدەن.**

ئیبنو عەرەبی کەسایەتییەکی ناوداره له مێژووی ئیسلامدا و مشتومڕێکی گەلێك زۆری له دەوره، لەم کورته باسەدا، هەوڵمداوه پوختەیەك دەربارەی ژیانی و کەسایەتی باس بکەم، بەتایبەتیش هەوڵمداوه پاڵپشت به سەرچاوه باوەڕ پێکراوەکان، عەقیده و گومڕاییەکانی ئەم کەسایەتییه له ڕێگەی حوکمی زانا گەورەکانی ئوممەت وهاوکات به هێنانەوەی بەڵگە له کتێبەکانی خۆی بخەمه ڕوو:

1 - ناوی محمد بن محمد بن أحمد الطائي یە، لەئەندەلوس له دایکبووه وگەشتی زۆریکردووه ولەکۆتاییدا لەدیمەشق نیشتەجێ بووه و هەر لەوێیش له ساڵی (638ك) مردووه.
زانایان ناوەکەیان به نەکیره بەبێ ئەلیف ولام باس کردووه لەبەر ئەوەی له ابن العربي المالكي که ئەویش هەر زانایەکی ئەندەلوسی بووه جیای بکەنەوه، ئەگینا ابن العربي شی پێ دەوترێت بەڵام لەو حاڵەتەدا دەوترێت ابن العربي الصوفي.

2 - **ابن عربي كەسێكى صوفي بووە**، بەڵكو سەرگەورەی سۆفییەكانی سەردەمی خۆی بووە و خاوەنی كۆمەڵێك بیروباوەڕی لادەر و گومڕا بووە وەكو بیرۆكەی (**وحدة الوجود**) و (**حلول**) كە دوو عەقیدەی تەواو ناكۆكن لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلام و موسوڵماناندا ولەو عەقیدەشەوە جۆرەها لادان و فەلسەفەی تری دژ بە بیروباوەڕی ئیسلام بۆ درووست بووە.

**3 - ابن عربي كەسێكى زیرەك بووە**، بەڵام هاوكات كەسێك بووە لە عەقیدەی ڕاست ودروستی كیتاب و سوننەت زۆر دوور كەوتبوویەوە ، بۆیە زانایانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی حوكمی شاییستەی قورسیان بەسەریدا دابەزاندووە.

خاوەنی چەندین كتێب و مؤلفات بووە، لەبەناوبانگترین كە پڕی كردووە لە لادان ولە انحرافات :كتێبی **(الفتوحات المكية)** و **(فصوص الحكم)** و(التجليات الإلهية في الصورة الإنسانية) و(الأحدية) و(الاتحاد) وزۆر كتێبی تر.

4 - كارەساتی ابن عربي لە دینیدا بەگشتی لەو ڕێبازە شیركی و كوفرییە سەرچاوە دەگرێت كە لە چوارچێوەی بیرۆكەی (وحدة الوجود)دا خۆی دەبینێتەوە ولەكتێبەكانیدا بەتایبەتی (الفتوحات المكية) و (فصوص الحكم)

کەزانایان بەو هۆیەوە هەر لە دێر زەمانەوە ئەویان لەسەر ئەو بیرۆکەیە تەکفیر کردووە وفەلسەفەکە بە کورتی بریتییە لەوەی:

الله تعالى و جیهان یەك شتن! واتە شتێك نییە لە وجوددا غەیری الله بوونی هەبێت، ابن عربي لە (فصوص الحكم) گەردوون هەمووی بەخەیاڵ وەسف دەکات، بەڵام مەبەستیان ئەوەش نییە بڵێن مرۆڤەکان و سروشت وشتەکان بوونیان نییە، بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە بڵێن درووستکراو نین و خودی الله ن، یان ڕەنگدانەوە و تەجەللی الله تعالى ن، واتە هەرچی لەم جیهانەدا دەبینرێت بوونی ڕاستەقینەی نییە بەڵکو هەموو تجليات وڕەنگدانەوەیە بۆ الله... تعالى الله عما يقولون علوا كبيرا.

5 - سەبارەت بە فەلسەفەی **(الحلول والاتحاد)** چەند پێناسەیەکی هەیە، ئەهەوەنەکەیان لە کوفر دانابەزێت، لەوانە: هەردوو زاراوەکە بریتییە لەوەی پەروەردگار بچێتە ناو درووستکراوەکانی خۆیەوە.

هەندێکیش پێیان وایە ئەو دوو زاراوە جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە، (حلول) بەمەعنای دابەزینی زاتی ئیلاهی دێت بۆ ناو مرۆڤەکان و (اتحاد) یش بە مەعنای یەکگرتنی خالیق و مەخلوق دێت و دوای ئەوە دەبن بە یەك زات.

بەكورتی جیاوازی نێوان حلول واتحاد ئەوەیە یەكەمیان ئیسپات كردنی دوو بوونە ومەبەستیان پێی خالیق ومەخلوقە، دووەمیشیان مەبەستیان پێی یەك بوونە ومەبەستیان ئەوەیە خالق و مەخلوق یەك دەگرن و دەبن بەیەك زات، ابن تيمية لە زۆر لە كتێبەكانیدا بەرچەرچی ئەم جۆرە ئیلحادانەی داوەتەوە بۆ نموونە لە (مجموع الفتاوى 2/ 171-172) و (درء تعارض العقل و النقل 6/ 151-152) (بيان تلبيس الجهمية 5/ 44-49) هەندێ لە جۆرەكانی تصوف یش سەبارەت بەم دوو زاراوەیە تێبینی و ڕەخنەیان هەیە و ڕەددی یەكتریان داوەتەوە، چونكە پێیان وایە (حلول) سەلماندنی دوو بوونە لەیەك كاتدا وئەوەش نەگونجاوە، بەڵام (اتحاد) كە یەكگرتنی خالیق و مەخلوقە ئەوەیان ڕاستە وباوەڕیان پێیەتی.

6 - بەڵكو هەندێ لە خودی سۆفییەكان (حلول) بە كوفر و بە شیركیش دەزانن لەبەر ئەوەی سەلماندنی دوو مەوجودە، بەڵام فەلسەفەی اتحاد بە تەوحیدی ڕاستەقینە دەزانن لەبەر ئەوەی تەنها یەك زات ئیسپات دەكات كە زاتی الله ولەگەڵ مەخلوقەكانیدا یەكی گرتووەتەوە، شایانی باسە جلال الدين الرومي لەسەر ئەم باوەرە بووە، هەروەها الحلاج دەربارەی ئەو عەقیدە دەڵێت:

**(والشرك إثبات غير **** والشرك لا شك جحد)** واتە شیرك ئەوەیە باوەڕت وابێت كەسیكی تر غەیری اللّٰه بوونی هەیە، وئەوەش نكۆڵی كردنە لە حەقیقەتی ڕەها كە مەبەستی پێی اللّٰه یە بەو شێوەی خۆی باوەڕی پێیەتی. ئەم خیلافەش لە نێونیاندا هیچ لەوە ناگۆڕێت كە هەم فەلسەفەی (اتحاد و حلول) و هەم فەلسەفەی (وحدة الوجود) كە جلال الدين الرومي والنابلسي وزۆری تری لەسەرە هەر هەمووی لێوان لێوە لە شیرك و هەڵقوڵاوی وەسەنییەتە.

7 - **ابن تيمية** بەڕەحمەت بێت دەربارەی عەقیدەی هەموویان لە (مجموع الفتاوی 368/2) وتوویەتی بیروباوەڕی هەموو ئەو سۆفیانە لە بیروباوەڕی جولەكە و گاورەكان خەراپترە، ئەمانیش هاوشێوەی ئەوان تووشی تناقض بوونە، بۆیە هەندێ جار دەبینیت حلول و هەندێ جار اتحاد و جارێكی تر وحدة الوجود سەردەخەن، هەموویشی بە زاهیری قسەكانیان و بە بەوەی لە پشتی قسەكانیان دەخوێنرێتەوە هەر كوفرە وهەركێیش گومانی لە دەرچوونی خاوەن ئەو بیروباوەڕانە هەبێت ڕێك وەكو ئەوەیە گومانی لە كوفری جولەكە و نەسارا هەبێت ..ئەمە قسەی ابن تيمية یە.

8 - **ابن القيم** بەڕەحمەت بێت لە (الكافية الشافية116/1)کەیدا کاتێك باسی ناکۆکی نێوان ابن عربي و ابن سبعين دەکات دەڵێت:

(ولربما قال مقالته كما ***** قد قال قولهما بلا فرقان) واتە لەوانەیە هەندێ لەو گومڕایانە قسەی گومرایەکی تر بکات لەوەی کە جیاوازی ناکەن لە نێوان خالق و مخلوق دا.

9 - لەدیارترین قەولە کوفرییەکانی ابن عەرەبی ئەوەیە دەڵێت: الله تعالى و جیهان یەك شتن و جیاوازییان نییە! ئەو دەڵێت: هەرچی لەم گەردوونەدا دەبینیت الله ت بینیوە.!

***ابن عربي** لە (الفتوحات المكية459/2 ) دەڵێت: (سبحان من أوجد الأشياء و هو عينها) واتە: پاکی و بێگەردی بۆ ئەوکەسەی شتەکانی درووست کردووە و خۆیشی هەر خودی ئەوانە. یان دەڵێت: **(تحققنا بالمفهوم و الإخبار أنه عين الأشياء)** واتە: بەچەمك و بە هەواڵ لێکۆڵینەوەمان کرد و بەوە گەیشتین الله وغەیری الله جیاوازییان نییە.

*لە (فصوص الحكم 111/1)یشدا هەمان ئەو واتایانە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت:

(فهو الكون كله ***وهو الواحد الذي

قام كوني بكونه **** ولذا قلت يغتذي)

*هەر لە (فصوص الحكم1/90-143 )دا دەڵێت:

(فوقتا يكون العبد ربا بلا شك ***ووقتا يكون العبد عبدا بلا إفك) كاتى وا هەيە بەندە بەبێ هیچ گومانێك دەبێتە پەروەردگار، كاتى وايش هەيە بەندە تەنها بەندەيە.

ئەمانە تەنها بۆ نموونە بوون ئەگەرنا لە كتێبەكانى ابن عەرەبى نموونە بەسەدان هەيە گەر كەسێك بيەوێت بەدواى بيروباوەڕى ناكۆكى ئەودا بگەڕێت لەگەڵ بيروباوەرى ئيسلامدا.

10 - ابن عربي باوەڕى بەئەزەلييەتى جيهان هەيە ودەڵێت هەميشە جيهان وگەردوون لەگەڵ الله بوونيان هەبووە:

ابن تيمية بەڕەحمەت بێت لە چەندين لە كتێبەكانيدا بەرپەرچى ئەم بۆچوونە فەلسەفييەى ابن عەرەبى داوەتەوە وتوويەتى بيروباوەڕى ئەوەى كە جيهان قەديمە و سەرەتاى نييە قەولێكە نەك هەر لە ئيسلامدا، بەڵكو ميللەتەكانى تريش بەباتڵيان زانيوە لەدواى تاوتوێكردنى ئەو بيروباوەڕەى ابن

عەرەبی سەبارەت بە (قدم العالم) کوفرێکی ڕاشکاوە و دەرچوونە لە بازنەی ئیسلام وەکو لە (مجموع الفتاوى188/2)دا هاتووە.

11 - جگە لە ابن تيمية وەکو زانایەکی گەورە و سەرەکی کە بەرپەرچی ابن عربي داوەتەوە، زۆرێك لەزانایان بە هۆی ئەو بیروباوەڕەی ابن عربي دەربارەی (قدم العالم) حوکمی کوفریان داوە وەکو: ابن المقرئ الشافعي و مرعي الكرمي الحنبلي وزۆری تر، بەڵکو زانایانی وەکو القاضي عياض لە الشفا و الخطيب الشربيني لە مغني المحتاج و ابن الملقن لە عجاله المحتاج و ابن حجر الهيتمي لە الإعلام بقواطع الإسلام و ملا علي القاري لە (الرد على القائلين بوحدة الوجود ) هەموویان بیروباوەڕی (قدم العالم) کە ابن عەرەبی لەسەرەیەتی بە یەکێك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام داناوە.

12 - حوکمی ابن عەرەبی بەو شێوەی باسمان کرد لەسەر ئەوانە کورت هەڵنەهاتووە لەسەر عەقیدەی سەلەف بوونە، بەڵکو لە زانایانی ئەشاعیرەش هەر وەکو گومڕایەك سەیریان کردووە، کاتێك پرسیاری ابن عربي لە زانای بەناوبانگی شافیعی ئەشعەری العز بن عبدالسلام کرا وتی: **(شێخ سوء كذاب ،يقول بقدم العالم، ولا يحرم فرجا)** واتە: پیرێکی ئاخر

شەڕ و درۆزنە، باوەڕی بەوەیە جیهان سەرەتای نییە و زیناشی بەلاوە حەڵاڵە

.

13 - هەروەها الذهبي و أبو حيان التوحيدي و ابن جماعة البقاعي وزۆر زانای تر بەهۆی ئەو بیروباوەڕە ناکۆکەی لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا هەمان وئەو کوفرە ڕوون و ئاشکرایانەی کە لە کتێبی فصوص الحکم دا هاتووە کە ئەوان بە فصوص الظلم ناویان دەبرد، حوکمیان بە بە کوفر بە سەریدا داوە، بەڵکو الذهبي دەربارەی ابن عەرەبی دەڵێت: ئەگەر ئەو قسانەی ئەو کوفر نەبێت ئەوا کوفر لەم دونیایەدا هەر بوونی نییە.

14 - ابن عربي و هەندێ بیروباوەڕەکانی دەربارەی الله تعالی:

یەکێك لە باتڵترین بیروباوەڕەکانی ابن عەرەبی ئەوەیە هەموو سیفەتەکان بە باش وخراپیانەوە هەر هەمووی دەداتە پاڵ الله تعالی، ئەمەش لە زۆر شوێنی کتێبەکانیدا دەبینرێت بۆ نموونە: لە کتێبی (الفصوص/79) کە کۆگای بەلاکانی ئەوە لەگەڵ فتوحاتدا، دەڵێت: هیچ سیفەتێك نییە الله نەیبێت، ئیتر ئەو سیفەتە ئەگەر بە عورف و عەقڵ و شەرع باش و ستایشکراو بێت یان خراپ و زەمکراو بێت الله هەر هەموو ئەو سیفەتانەی هەیە!

ئەم واتا نەشیاوە بۆ الله تعالی لە کتێبەکانی ابن عربي بەتایبەتی لە (الفتوحات المكية) و (فصوص الحكم)دا بە زۆری دووبارە دەبێتەوە.

15 - ابن تيمية لە کتێبەکانیدا بۆ نموونە لە مجموع (الفتاوى 265/2) و(درء تعارض العقل والنقل 4/86-87) هێرشێکی توند دەکاتە سەر ابن عربي و جەهمییەکان و ئەوانەی سیفەتی کەموکورتی دەدەنە پاڵ الله عزوجل.

هەروەها الحافظ عبدالرحيم العراقي وابن المقري الشافعي ئەو سنوور بەزاندنەی ابن عربي بەرانبەر الله تعالی بە بوێرێکی ناشیرین و بەبێ ئەدەبی پێناسە دەکەن ودەڵێن کتێبەکانی ابن عەرەبی دڵەکان نەخۆش دەخات و زۆر تاوانی گەورە وگران لەلای خەڵکی وەکو شتێکی ئاسایی وێنا دەکات.

16 - عەقیدەی ابن عەرەبی دەربارەی (علو) بەرزی الله تعالی:

ابن عربي لەم بارەوە لە (فصوص الحكم/76)دا دەڵێت: یەکێك لە ناوەکانی الله (العلي)یە، واتە بەرزە، بەسەر کێ بەرزە لە کاتێکدا لەخۆی زیاتر کەسی تر بوونی نییە! بەرزییەکەی بۆ خۆیەتی چونکە خۆی بریتییە لە هەموو بوونەوەر.

ئەمەش كە باسمان كرد عەقیدەی هەموو ئەوانەیە كە لەسەر ئەو ڕێبازە گومرایەی ئەون، بۆ نموونە الحلاج وەكو لە كتێبی (الوجود الحق 210)ی النابلسي دا هاتووە دەڵێت:

(وأي أرض تخلو منك حتى *** تعالوا يطلبونك في السماء)

واتە: چ خاك وشوێنێك هەیە تۆی تێدا نەبیت تاكو بچن لەبەرزاییدا بۆت بگەڕێن. بەمەش دەیان ئایەتی وەكو: (إليه يصعد الكلم الطيب ) و (تعرج إليه الملائكة والروح) و(وهو القاهر فوق عباده ) و(بل رفعه الله إليه)یان ڕەتكردەوە.

17 - عەقیدەی ابن عربي دەربارەی بتپەرست و جولەكەو نەساڕاكان:

ابن عەرەبی باوەڕی وایە هەموو پەرستراوێك حەقە و پەرستنەكەی هەڵە نییە، لەبەر ئەوەی وەكو پێشتر وتمان ئەو باوەری وایە هەرچی بوونەوەر هەیە هیچیان وجودی ڕاستەقینەیان نییە، بەڵكو ڕەنگدانەوەی وجودی اللّٰه یە، بۆیە هەرچی بپەرستیت وەكو ئەوە وایە اللّٰه بپەرستیت!

18 - ابن عربي لە (فصوص الحكم72/1)دا كاتێك باسی عیبادەتی قەومی نوح دەكات بۆ ئەو پێنج پیاوچاكانە پاساویان بۆ دەهێنێتەوە و دەڵێت هەموو

پەرستراوێك بەشێك لەحەق وڕاستی تێدایە جا هەندێك ئەوە دەزانن و هەندێك نایزانن.

ابن تيمية لە (بيان تلبيس الجهمية 212/8) دا لە پەراوێزی باسكردنی ئەو قسەی يبنو عەرەبيدا دەڵێت بەو قسە بێت ئيتر شتێك نييە ناوی طاغوت بێت، چونكە مەعلومە كە قەومەكەی نوح عليه السلام ئەو پەرستراوانەيان بە حەق نەپرستووە .

هەروەها الحافظ العراقي دەربارەی ئەو وتەيەی ابن عربي دەڵێت: پەنا بە اللہ ئەوە وتەيەكی شيركی وگومڕاييە.

19 - هەروەها لەم بارەوە ابن عربي لە (الفصوص 157/1-158) و لە (فتوحات294/14) يشدا دەڵێت: (فما أحد من العالم إلا على صراط مستقيم) واتەهەموو كەسێك لە جيهاندا لەسەر ڕێگايەكی ڕاست و درووستە.

20 - هەر لە (فصوص الحكم 113/1) دا دەڵێت: هەرگيز نەكەيت خۆت بە گرێبەستێكی دياريكراو ببەستيتەوە و جگە لەوە بەكوفر بزانيت، چونكە ئەگەر وا بكەيت خێرێكی زۆرت لەدەست دەچێت ودوای هەندێ قسەی كوفری لەم جۆرە ئايەتی: (فأينما تولوا فثم وجه الله) دەهێنێتەوە.

ابن المقري الشافعي له (المسائل 27-28) دەڵێت: (هذا كفر عظيم) واته ئەو قسه كوفرێكه هەر زۆر گەورەیه.

21 - هەروەها الملا علي القاري الحنفي له (الرد على القائلين بوحدة الوجود 114) دەڵێت: كوفری ابن عربي شتێك نییه بشارێتەوه و نەتوانیت پێی بگەیت، چونكه هەرچی زیندیق و مولحید و بێ دینەكان هەیه به موسوڵمان دەزانێت و بەئەهلی حەق وەسفیان دەكات. هەر بۆ بیرخستنەوه جەلالی ڕۆمی له مەسنەویدا هەمیشه ئەم واتایانه به شیعر دووباره دەكاتەوه و هەموو دینەكان بەڕاست دەزانیت و هەموو پەرستراوەكان به حەق دەزانێت.

22 - هەروەها الحلبي كه زانایەكی ناوداره وله ساڵی (956)ی كۆچی وەفاتی كردووه ولەسەر ئەو بۆچوونەی بەرپەرچی داوەتەوه ووتوویەتی ئایا نازانیت الله فەرموویەتی: (والذين لا يؤمنون بالاخرة عن الصراط لناكبون) وچەندین ئایەتی تری بۆ هێناوەتەوه و جگه له حەلەبی زۆر زانای گەورەی تر هەموویان لەم مەسەله و له كوفرەكانی تری ڕەددیان داوەتەوه بەڵام من تەنها بۆ نموونه ئەوناوانه باس دەكەم.

23 - ئیبنو عەرەبی لەسەر ئەوەی کە هەموو پەرستراوێك بەحەق ئەزانێت بەڵگەی لە قسەو شیعرەکانی گەلێك زۆرە، بەڵام لێرەدا تەنها هەندێ نموونەی کەمم هێناوەتەوە و بەم واتایەی لە هۆنراوەیەکیدا لە (الفتوحات المكية 21/3) کۆتایی پێ دەهێنم کە دەڵێت:

دڵم هەموو وێنەیەك قبوڵ دەکات، جاری وا هەیە لەوەڕگای ئاسکە و جاری وا هەیە کڵێسای گاورەکانە، جاری واش هەیە بتخانەیە و هەندێ جاریش کەعبەیە و تەوافی بەدەوردا دەکرێت لەوحەکانی تەورات و پەڕەکانی قورئانیشی تێدایە! من ڕوو لەهەرکوێ بکەم لەسەر دینی خۆشەویستیم، خۆشەویستی بەرەو کوێم ببات ئەوە دینمە و ئەوە ئیمانمە!

24 - دکتور دغج العجمي لە کتێبەکەیدا دەربارەی عەقیدەی ابن العربي دوای ئەوەی دەیان نموونە لەم بارەوە لە کتێبەکانی ابن عربي لەسەر ئەوە نەقڵ دەکات کە باوەڕی وایە هەموو بتپەرست و جولەکە و نەسارا و هەموو عابیدێك لەو عیبادەتەیدا پێکاوێتی و هەڵە نییە، دوای ئەوە ناوی هەندێ لەو زانایانە دەهێنێت کە لەسەر ئەو عەقیدە لادەرەی لە ئیسلام دەریان کردووە بۆ نموونە:

-عماد الدين الواسطي.

-ابن تيمية،

-عبداللطيف السعودي

-الحافظ زين الدين العراقي.

-شرف الدين ابن المقري.

-البقاعي الشافعي.

-السخاوي الشافعي.

-الحلبي الحنفي.

الملا علي القاري الحنفي.

-الشوكاني اليمني.

زۆر زانای تریش کە لەسەر ئەمە و عەقیدەکانی تری تەکفیریان کردووە.

## 25 - عەقیدەی ابن عەرەبی دەربارەی فیرعەون:

سەرەڕای ئەوەی اللّٰه تعالی باسی کوفری فیرعەونی لە قورئانی عەزیمدا بۆ کردووین و حوکمی کوفری فیرعەون لەو جۆرەیە کە پێی دەوترێت: (معلوم من الدين بالضرورة) بەڵام ابن عربي صۆفی فیرعەون بە ئیماندار دەزانێت و لە زۆر جێگای فصوص کەی وکتێبەکانی تری باسی ئیمانداری فیرعەونی کردووە، بۆ نموونە لە فصوص الحكم 202/1 لە الفص الموسوي دەڵێت اللّٰه لە کاتی خنکانی فیرعەون لە ڕوباری نیلدا ئیمانی پی بەخشی و بە پاك و

بێگەردی لە هەموو پیسییەك گەڕایەوە لای پەروەردگاری، هەروەها لە چەندین شوێنی تری کتێبەکانی باسی ئیمان فیرعەونی کردووە.

زانایان لەسەر ئەم بیروباوەڕەی ابن عربي لە تەکفیر نەکردنی فیرعەوندا کە دژ بە صریح ی قورئانە ئەویان تەکفیریان کردووە، بۆ نموونە بێجگە لە ابن تيمية:

-الخليلي لە کتێبی (نتيجة التوفيق و العون في الرد على القائلين بإيمان فرعون).

-ملا علي القاري لە کتێبی: (فر العون ممن يدعي إيمان فرعون).

-عبدالرحمن الأجهوري الشافعي لە کتێبی: ( القول المصان عن البهتان في غرق فرعون وما كان عليه من طغيان).

-العلاء البخاري لە (فاضحة الملحدين) ودەیان سەرچاوەی تر.

26 - عەقیدەی ابن عربي لە پێغەمبەراندا: ابن عربي باوەڕی وایە أولياء لە أنبياء باشترن وئەم بیروباوەڕەی خۆی نەشاردووەتەوە، ئەو دەیوت پێغەمبەرایەتی خەتم وکۆتایی پێ هاتووە، بەڵام ویلایەت هەر ماوە، بۆیە دەیوت **(النبوة ختمت لكن الولاية لم تختم)** چۆن خاتم الأنبياء هەیە، ئاوها خاتم الأولياء یش هەیە، (الفصوص 62/1).

ئینجا باوەڕیشی وابوو وەلی بریتییە لە چەندین پلەوپایە و بەرزترین پلەكانی وەلی لە پلەی نەبی بەرزترە، بۆیە لە كتێبی (لطائف الأسرار ل49) وله (الفتوحات المكية 252/2) دەڵێت:

**(سماء النبوة برزخ *** فويق الرسول ودون الولي)**، لەلایەكی تریشەوە ئەو خۆی وەكو وەلی بە موریدەكانی نیشان دەدا وبەوەش جۆرێك لە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی بە ناڕاستەوخۆ پێناسە كرا، گومڕاكانی پێش ئەویش ئەوەیانە كردبوو.

ابن عربي ئەوەی ڕێگر بوو لە بەردەمیدا بۆ ئیددیعای پێغەمبەرایەتی بە ڕاشكاوانە دوو هۆكار بوو:

یەكەم: ترسی لە شمشێری سزا كە پێشتر گەردەنی هاوعەقیدەكانی وەكو حەللاج و سوهرەوەردی پەڕاندبوو.

دووەم: ئەو هەموو فەرموودانەی كە باس لەوە دەكات دوای محمد صلى الله عليه و سلم پێغەمبەری تر نایەت، بۆیە زاراوەی خاتم الأولیاء یان داهێنا و بێگومان ابن عربي خۆیشی بەو وەلییە خاتەمە دەزانی.

تەنانەت ابن عربي سەبارەت بە فەرموودەی **(لا نبي بعدي)** لە (فصوص الحكم 135/1)دا ئەو نهێنییە دەدركێنێت و دەڵێت: (هذا الحديث قصم ظهور أولياء الله) واتە: ئەم فەرمودەیە پشتی ئەولیاكانی شكاند.

بەرزكردنەوەی پلەی وەلی بەسەر نەبیدا كە ئەوە عەقیدەی ابن عەرەبییە، لە راستیدا ئەوە تانەیە لە قورئان و لە سوننەت و هەڵگێڕانەوەیە بۆ جەوهەری دینی ئیسلام، چونكە پێغەمبەران وەكو لە دەقەكانی قورئان و سوننەتدا هاتوون چاكترینی مرۆڤەكانن بەڕەهایی و كەس نییە لەوان چاكتر بێت.

ابن الجوزي لە **(كيد الشيطان لنفسه قبل خلق آدم 64)** دەڵێت: مولحیدە وجودییەكان لە موشریكەكان خەراپترن بەوەی كە شەیخەكەیان ابن عربي وتوویەتی پلەی وەلی لە پلەی رسول بەرزترە، بەڵام برا موشریكەكانیان ئەو بانگەشەیەی وجوودییەكان ( مەبەستی جەماعەتی وحدة الوجود)ە، نەكرد.

كورتەی ئەم بەشەی باسەكەمان كە زانایان ابن عربي یان لەسەری تەكفیر كردووە ئەوەیە: ئەو بانگەشەی ئەوەی كردووە وەلی لە پێغەمبەر پلەی بەرزترە و خۆیشی بە وەلی داناوە و باسی ئەوەشی كردووە كە بەبێ ئەوەی كەسێك لە بەینی خۆی و الله هەبێت شتی وەرگرتووە، لە كاتێكدا خودی پێغەمبەران علیهم السلام لە ڕێگەی جیبریلەوە وەحیان بۆ هاتووە نەك لە الله تعالى بەڕاستەوخۆ.

## 27 - عەقیدەی ئیبنو عەرەبی لە دۆزەخدا:

ابن عربي لە زۆر شوێنی (الفصوص 1/ 169-172 ) و(الفتوحات المكية 4/ 403 - 13-148) باوەڕی وایە دۆزەخ لە ڕاستیدا شوێنێکی خۆشی و ڕابواردنە بۆ بێ باوەڕان، هەمان ئەو مەعنای بە هۆنراوەش لە (الفصوص 114/1) دا باس کردووە.

محمد بن علي الشوكاني بەڕەحمەت بێت لە (الفتح الرباني 1012/2) دا وەکو گاڵتەکردن بەو عەقیدەی ابن عربي دەڵێت: مژدەتان لێ بێت ئەی ئەهلی دۆزەخ بەو مژدەی ئەو وەلییە پێتانی داوە، ئینجا دەڵێت: یاڕەبی ابن عربي لەو نەعیم و خۆشگوزەرانییەی ناو دۆزەخ بێ بەش نەکەیت.

28 - دین لەلای ابن عربي دوو لای هەیە زاهیر و باتن، زانستەکانیش دەکاتە سێ بەشەوە: ظاهر، باطن، باطن الباطن (الفتوحات الإلهية ابن عجيبة/333).

دکتۆر أبو العلا عفيفي لە کتێبی: (ابن عربي في دراساتي/13) دەڵێت: ابن عربي بەو مەنهەجە ترسناکەی لە گۆڕینی مەعناکانی قورئاندا خەریك بوو قورئان بکاتە قورئانێکی تر.

هەروەها محمد حسين الذهبي لە كتێبی (التفسير والمفسرون 411/2) شیكاری بۆ ئەو لادان و مەنهەجە باتنییەی ابن عربي كردووە.

نموونەی تەفسیرە باتنییەكانی بۆ قورئان دەیوت عذاب ی دۆزەخ لە (عذب)ەوە هاتووە كە بەواتای شیرین و سازگار دێت بۆیە پیی وابوو ئاگری دۆزەخ نەعیم و بەختەوەرییە.

بۆ نموونەی لە تەفسیری **(مِّمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَنصَارًا )** دەیوت أغرقوا واتە لە دەریای زانست بە الله نگرۆ بوون. لە تەفسیرا (نارا) دەڵێت لە ئاوی كانی موحەممەدییەكاندا (الفصوص/1-73).

-كوفری قەومی نوح ی بە ئیمان تەفسیر دەكرد.(الفصوص 72/1).

-بەرانەكەی لەبەسەرهاتی إسماعيل عليه السلام بە خودی ئیسماعیل تەفسیر كردووە.(الفصوص 78/1).

-لە تەفسیری (إن الذين كفروا ) دەڵێت: ئەوانەی خۆشەویستی خۆیان بە من داپۆشی. بڕوانە:(تنبيه الغبي إلى كفر ابن عربي 124-125).

تأويلات ی باطني وكوفري ابن عربي بۆ قورئان كۆتایی نایەت و گەلێك زۆرە بۆ نموونە بڕوان: (الفصوص: 1/ 71، 74، 90، 94، 108، 169، 205، 207، 210، 211) یان لە (الفتوحات المكية 8 / 369 -370 ، 464).

لەم ڕووەی لادانەكانییەوە زۆر زانا ابن عربي یان بە ابن عربي الباطني ناو دەبرد، بۆ نموونە: جمال الدين بن مسدي و شيخ الإسلام ابن تيمية والحافظ جمال الدين المزي والحافظ الذهبي و محمود شكري الآلوسي وزۆری تر.

## 29 - ابن عربي كەسێكی درۆزن ودرۆزان بوو:

العز بن عبدالسلام دەربارەی دەڵێت: (شيخ سوء كذاب).

-ابن تيمية لە (مجموع الفتاوى 2/ 131) دەربارەی دەڵێت: درۆزنێكی بوختانچی بوو، كتێبی (الفتوحات المكية)شی ئەوەندە درۆی تێدایە لە هیچ عاقڵێك شاراوە نییە.

لە ڕاستیشدا هەموو عەقیدە باتڵەكانی ابن عربي درۆیە و بوهتانە لەسەر الله تعالى و پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم و دینی ئیسلام كردوویەتی.

-نموونەیەك لە درۆكانی لە پێشەكی كتێبی (فصوص الحكم) كە پڕە لە كوفر، دەڵێت لە خەودا پێغەمبەرم بینی صلى الله عليه و سلم و پێی وتم ئەو كتێبەت بۆ خەڵكی دەربكە و پێیانی ڕابگەیەنە.(الفصوص 47/1). ئەم درۆیەش كە ابن عربي لێرە كردوویەتی موسەیلەمەش درۆی وای نەكردووە كتێبێكی پڕ لە كوفر بداتە پاڵ رسول الله صلى الله عليه و سلم.

-هەروەها دەیوت کتێبی: **(عنقاء مغرب)** الله دایبەزاندووەتە سەرمدا( مجموع رسائل ابن عربي/ المجموعة الثالثة/ 17-20-21).

-لە درۆ گەورەکانی تری ابن عربي ئەوە بوو کە دیوت (الفتوحات المكية 121/12) کە الذهبي لە (تاريخ الإسلام 377/46) باسی کردووە، دەیوت: هەموو مانگێك جارێك الله تعالى دەبینم.

-درۆیەکی تری ئەوەبوو دەیوت جنۆکەیەکی مارە کردووە و منداڵیشی لێ بووە. بڕوانە: (الفاسي: العقد الثمين 182/2).

-درۆیەکی تری ئەوە بوو دەیوت من میراتگری رسول الله م صلى الله عليه وسلم ودەیوت کاتێك لە مزگەوتی الجامع الأزهر لە شاری فاس نوێژم کردووە وەکو رسول الله پشتی خۆمم دەبینی.

-التفتازانی ئەشعەری دەڵێت: **( كان كذابا حشاشا كأوغاد الأوباش)** بەڵکو 17 زانای ناودار بە درۆزن لە کتێبەکانیاندا وەسفیان کردووە.

-لە درۆزۆرەکانی تری بۆ نموونە لە کتێبی (الفتوحات المكية 79/10) ابن عربي دەڵێت پرسیارە لە کچە منداڵێکی شیرەخۆر کردووە ئایا ئەگەر پیاوێك بچێتە لای خێزانەکەی و ئاوی نەیەتەوە غوسڵی لەسەرە؟ منداڵەکەش هاتووە زمان و وتوویەتی بەڵێ غوسڵی لەسەرە .

- لە درۆكانی تری دەیوت من یەكێكم لەو چوار كۆڵەكەی دینای ڕاگرتووە (چوار كۆڵەكەكە لە بنچینەوە درۆیەكی ئەوان درووستیان كردبوو گوایە دونیایان لەسەر وەستاوە) بڕوانە: الفتواحات المكية: 400/2 -401.

-هەر لە بەرگی سێی فتوحات دا ولەچەندین جێگەی ئەوكتێبەدا بانگەشەی ئەوە دەكات لەگەڵ الخضر كۆدەبێتەوە و ئەویش زۆر شتی بۆ ڕوون دەكاتەوە.

-هەر لە كتێبی ( الفتوحات المكية 12/ 123) دەڵێت زۆر جار لە گەڵ عیسی علیه السلام كۆ دەبوومەوە و هەر لەسەر دەستی ئەویش تەوبەم كرد.

-هەر لەبەرگی پێنجی الفتوحات دا دەڵێت الله م بینیوە و پێی وتوم بڕۆ نەسیحەتی بەندەكانم بكە.

لەگەڵ دەیان درۆی تر كە لە كتێبەكانیدا هاتوون، بەتایبەتی لە هەردوو كتێبی (فصوص الحكم) و( الفتوحات المكية).

30 - ابن عربي و تلیاك كێشان:

ابن عربي كە لەلای موردیەكانی تاكو ئێستاش بە الشيخ الأكبر و الكبريت الأحمر و نازناوی بریقەداری تر دەناسرێت، حەشیشەی دەخوارد و تلیاكی دەكێشا، بەڵكو لە هیچ حەرامێك سڵی نەدەكرد.

عضد الدين الإيجي وەكو لە كتێبی (**الرد على أباطيل كتاب الفصوص**/233) هاتووە دەیوت: ئایا لە كەسێكی مەغریبی میزاج وشكی حەشیشە خۆر - مەبەستی ابن عربي بوو -غەیری كوفر چاوەڕێی چی لێ دەكەن.

-التفتازاني وەكو لە هەمان كتێبی سەرەوەدا هاتووە دەربارەی ابن عربي دەیوت: درۆزنێكی حەشیشەخۆر بووە.

**شێخ محمد بن إبراهيم بەرەحمەت بێت** دەربارەی حەشیشە دەیوت: حەشیشە لە عارەق پیسترە، چونكە عارەق وەكو میز وایە، بەڵام حەشیشە وەكو پیساییە. (فتاوى الشيخ محمد بن إبراهيم 72/12).

سەیریش ئەوەیە ابن عربي هەستی بەهیچ تاوانێك نەدەكرد لە خواردنی حەشیشە بەڵكو شانازیشی بەوە دەكرد، وەكو لە كتێبی الفتوحات المكية (187/7)دا هاتووە.

31 - **ژماردنی ئەوانەی كە ابن عربي یان تەكفیر كردووە** لە زانایان كارێكی ئاسان نییە، چونكە ژمارەیان گەلێك زۆرە، خاوەنی كتێبی ( عقيدة ابن عربي) لە بەشێكی درێژی كتێبەكەیدا باسی كردوون من لێرە تەنها ئاماژە بەناوی هەندێكیان دەدەم بێ ئەوەی دەقی قسەكانیان لەو بارەوە بهێنم، بۆ نموونە:

-ابن الجوزي (ت597هـ) ، أبو بكر بن نقطة البغدادي الحنبلي(ت629هـ) ، ابن الصلاح الشهرزوري(ت643هـ)، إسماعيل الكوراني الدمشقي (ت644هـ)، أبو عمرو بن الحاجب (ت646)، العز بن عبدالسلام (ت660هـ)، اليونيني الحنبلي (ت726هـ)، ابن تيمية (ت728هـ)، أبو الحجاج المزي (ت742هـ) الحافظ الذهبي (ت748هـ)، الدمياطي المصري الشافعي (ت749هـ). صلاح الدين بن أيبك الصفدي (ت764هـ). ابن مرزوق (ت781هـ). سراج الدين البلقيني (ت805هـ). الهيثمي الشافعي (ت807هـ). ابن خلدون (ت808هـ). ابن الجزري شەيخى موقريئەكانى سەردەمى خۆی (ت833). ابن المقرئ (ت837هـ). ابن الوزير(ت840هـ9. العلاء البخاري (ت841هـ). أبو بكر الأهدل (ت855هـ). برهان الدين البقاعي (ت855هـ). ابن الشحنة(890هـ). شمس الدين السخاوي (ت902هـ). الشوكاني (ت1250هـ). عبدالرحمن بن حسن ت1285هـ). عبداللطيف آل الشيخ (ت1293هـ). محمد بن عتيق النجدي (ت1301هـ). تەنانەت هەندێ لە گومڕا گەورەكانی هاوشێوەی ابن عەرەبی خۆی وەكو ابن سبعين كە ئەويش لە ابن عربي كەمتر گومڕا نەبووە تەكفيری كردووە.

ئەمانە و زیاتر لە 200 زانای ناوداری تر هەر هەموویان ابن عربي یان تەكفیر كردووە و زۆرێك لەمانە باسیان لە كتێبەكەی السخاوي: (القول المنبي عن ترجمه ابن عربي)دا هاتووە. هەورەها كتێبی: (تنبیه الغبي إلى تكفیر ابن عربي ) برهان الدين البقاعي. زانیاری زۆر زیاتری تێدایە.

32 - بۆ بەرپەرچدانەوەی گومڕاییەكانی ابن عربي لە درێژایی مێژوودا زانایان كتێبی تایبەتیان لەو بارەوە نووسیوە، ئەوەی پێمان گەیشتووە زیاتر لە شەست كتێبە زانایایەكی زۆر بەشدارییان لە نووسینیدا كردووە و بەشێكی زۆری تریش لەو جۆرە كتێبانە ون بوونە و پێمان نەگەیشتوون.

33 - لە درێژایی مێژوودا زۆرێك لە زانایان داوایان كردووە كتێبەكانی ابن عربي بسوتێنرێت و لەناوببرێت، تەنها بۆ نموونە محمد بن الجزري پێشەوای بەناوبانگی زانستی قیرائات داوای لە سەرۆك و كاربەدەستان كردووە كتێبی گومڕاكان لەناوبدەن و بەدیاری كراویش ناوی ابن عربي صوفي بردووە وەكو لە كتێبی (تنبیه الغبي 175-176) و(كشف الغطاء 223)دا هاتووە.

34 - سەرەڕای ئەوەی ابن عربي ئەو هەموو لادانەی لە دینی ئیسلام لێ دەركەوتووە و سەرەڕای ئەوەی زانایان لە هەموو سەردەمێكدا بەسەدان

ئەویان تەكفیر كردووە، بەڵام لە سەردەمانی كۆن و لە ئێستاشدا كەسانێك هەر هەن ستایشی ابن عربي و عەقیدە و كتێبەكانی دەكەن و بەرگری لێ دەكەن و پینە وجوانكاری بۆ لادانەكانی دەكەن .

بەڵگەی ئەوانەش كە بەرگری لێ دەكەن زۆر جار هەر ئەوەیە دەڵێن مەبەستی ئەوە نەبووە! هەرچەند ئەوە بەرگرییەكی بێ نرخە لە میزانی شەرعدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی وەكو ابن الجوزي و الأهدل و السخاوي و الشوكانی و زۆری تر، لە كتێبەكانیاندا باسی ئەوەیان كردووە ابن عربي جەختی لەسەر ئەوە كردووەتەوە و وتوویەتی: (كلامي على ظاهره ومرادي منه ظاهره) بڕوانە: الضوء اللامع: 147/3. الفتح الرباني 998/2 .

ئینجا قسەكانی ابن عربي هیچ تەئویل و پینەیەك هەڵناگرێت و ئەوانەش كە بەرگرییان لێ كردووە هەمووی لە خەڵكانی لادەر و عەقیدە ناتەواو وئەهلی شیرك و بیدعەن، یان ئەگەر واشنەبووبن جاهیل بوونە بەحاڵی و بەبێ عیلم بە كوفرەكانی بەرگرییان لێ كردووە، یان باسی قۆناغێكیان كردووە لە ژیانی ابن عربي كە هێشتا ئەو كوفرو شیركانەی لێ دەرنەكەوتبوو.

لەدیارترین ئەوانەی بەرگرییان لێ كردووە عبدالوهاب الشعراني خاوەنی كتێبی طبقات، جلال الدين السيوطي، عبدالرؤوف المناوي، الفيرزآبادي

وهەندێکی تر، هەندێ لەوانەش کە بەرگریان لێ کردووە وەکو سیوطي قسەی سەیروسەمەرە و تناقض نیشان دەدات لە بەرگرییەکەیدا.

35 - ئینجا زانایان زۆر مەبەستیان بووە لە ڕووی زانستییەوە پێش ئەوەی حوکمەکانیان لە دژی ابن عربي دەربکەن، بیسەلمێنن کە کتێبی (فصوص الحکم) و (الفتوحات الربانية) کتێبی ابن عربي ن وهیچ زیادەیەکی تێدا نەخزێنراوە .

ئێستاش ئەو دوو کتێبە کە کۆگای انحراف و لانەکانی ابن عربي یە و جێگای ڕێزو گوێڕایەڵی موریدەکانێتی لەم سەردەمەدا، هەمان ئەو قسانەی تێدایە کە زانایان ابن عربي یان لەسەری تەکفیر کردووە و شوێنکەوتووانیشی بەرگری لێ دەکەن.

شایانی باسە دەستنووسەکانی ئەو کتێبانە کە لە ژیانی ابن عربي خۆیدا نووسراون تاکو ئێستاش ماون و پارێزراون.

ئینجا کتێبی (فصوص) لەلایەن زیاتر لە سەد کەس لە سۆفییەکانەوە بەهەمان ئەو کارەساتانەی تێیدایە شەرح کراوە وکەسیان نەیانوتووە شتێکی بۆ زیادکراوە.

بەڵکو ابن تيمية وەکو لە (مجموع الفتاوى 242/2)دا هاتووە هەندێ لە کوفرەکانی بەخەتی ابن عربي خۆی بینیوە وەکو ئەم شیعرەی:

(الرب حق و العبد حق ** يا ليت شعري من المكلف

إن قلت عبد فذاك رب ** أو قلت رب أنى يكلف)

36 - لە كۆتاییدا لەوانەیە كەسێك بپرسێت باس كردنی ئەم كەسایەتییەی كە سەدان ساڵە لە دنیا دەرچووە سوودی چییە؟

وەڵامەكەش ئەوەیە ابن عربي ڕاستە مردووە، بەڵام عەقیدەو ئەفكار و بیروباوەڕە گومڕاكانی نەمردوون و زیندوون و شوێنكەوتوانیان هەیە و ئێستاش هەوڵێكی زۆر بۆ گەورەكردنی ئەو كەسە دەدرێت و لە ئاستێكی زۆر فراواندا لە جیهان كار لەسەر ناساندن و تەقدیس كردنی دەكرێت.

گەورەكردنی ابن عربي بەمەبەستە و هەنگاوێكە لە كاروانی ناشیرین كردنی ئیسلام و نامۆ كردنی تەوحید و دوور خستنەوەی خەڵكی لە عەقیدەی ڕاست ودرووستی ئیسلام، تەنانەت لەناو ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخدا هەوڵێكی زۆر هەیە لەلایەن عەلمانیەكانەوە بۆ گەورەكردنی.

نموونەیەك لە بایەخدانی عەلمانییەت بە بەرهەمەكانی ابن عربي و بەتایبەتی ئەو دوو كتێبەی كە زۆر ئاماژەمان پیكرد، ڕۆمانی **(موت صغير)**ی محمد حسن علوان ە، كە هەمووی جەخت لە گەورەكردنی ابن عربي وبەئەفسانە دەرخستنی ئەو دەكات وجۆرێك لە تەقدیسی بەسەردا دەدات، ڕۆمانەكە لە

2017 لەلایەن دامەزراوەی **(الجائزة العالمية للرواية العربية)** لە ئیمارات خەڵاتی بۆكەری عەرەبی وەرگرت.

37 - بۆچی عەلمانییەتی جیهانی بەتایبەت بایەخی بە ابن عربي دا؟

لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ ئیسلامێكی جێگرەوە دەگەڕێن بۆ ئیسلامی كیتاب و سوننەت، ابن عەرەبیش ئەو ئەلتەرناتیفە گونجاوەیە بە هۆی ڕەفزكردنی بۆ قەتیس كردنی حەق لە ئیسلامدا و هەموو دینەكان وپەرستراوەكان بەڕاست دەزانێت وهەمیشە باسی برایەتی نەتەوەكان دەكات وموسوڵمانێك و گاپەرستێكی لەلا یەكسانە، هەمان ئەو هۆكارەش بوو عەلمانییەتی جیهانی گرنگی زۆریان بە بەرهەمەكانی جلال الدين الرومي دا ومەسنەوییەكەیان بەرز كردەوە چونكە دەربڕین لە جەوهەری عەقیدەكەی ابن عربي دەكات كە بریتییە لە فەلسەفەی (وحدة الوجود).

هۆكارێكی تریش ئەو مەزهەبە باتنی و تەئویلییەی بوو كە بەهۆیەوە دەكرێت نكۆڵی لە هەر واتایەكی ئیسلام بكرێت، دواجاریش فەلسەفەی ابن عربي لەگەڵ هەندێ مەناهیجی ڕۆژئاوادا یەكیگرتەوە بۆ نموونە **(المنهج التفكيكي)** كە باوەڕی بەهیچ واتایەكی جێگیر و پیرۆز نییە.

هەر بۆیە نەیارێكی بەناوبانگی ئیسلام لەم سەردەمەدا **(نصر حامد أبو زيد)** لە كتێبی **(هكذا تكلم ابن عربي)** جەختی لەسەر گرنگی تەرحەكانی ابن عربي

سەبارەت بە خوێندنەی جیاوازی دەقەکان وبرایەتی ئوممەتەکان کردەوە. وزۆرێکی تر لەوانەی ئیسلامیان بەلاوە ڕەفزە ابن عربي یان وەکو فریاگوزارێك وێنا کرد بۆ ئاراستەکردنی وەشانێکی توند لە ئیسلام و لە موسوڵمانان لە ڕێگەی مەنهەجە گومڕاکەی ابن عربي.

بۆ زانیاری و شیکاری زیاتر و وردەکاری ئەم باسە وشارەزابوون لە عەقیدەی ابن عربي بڕوانە:

تنبيه الغبي إلى تكفير ابن عربي — برهان الدين البقاعي.

»القول المنبي عن ترجمة ابن عربي» شمس الدين السخاوي

رسالة في الرد على ابن عربي — أحمد بن تيمية.

رسالة في الرد على ابن عربي في دعوى إيمان فرعون — أحمد بن تيمية.

ابن عربي عقيدته وموقف علماء المسلمين منه — د.دغش بن شَبيب. کە ئەم کتێبە تێزێکی زانستی ئەکادیمی زۆر فراوانە لەسەر عەقیدەی ابن عربي و هەموویشی بەبەڵگەی زانستی باس کردووە منیش بۆ ئەم نووسینە بە زۆری پشتم بە توثیقات ی ئەو بەست لە کتێبەکەیدا.

إحسان برهان الدين

12 صفر 1448- 26 تموز 2026